# ژیان نامەی کاک ئەحمەد مستەفا سوڵتانی!

نووسین و ئامادە کردنی: جەعفەر و بەختیار مستەفا سوڵتانی



**سەداقەت ، خۆنەویستی و دڵسۆزی لە کردەوە جوانەکانی،گیانبەختکردوو کاک ئەحمەد بوو.**

**لە نێوان شەوی تاریک و کازیوەی بەیانی ،هەمیشە ئەستێرەیەکی گەش و سوور هەڵدێ !**

## خوێندنی دەورانی سەرەتایی:

کاک ئەحمەد سالی ١٣٣٧ی هەتاوی لە گوندی ئاڵمانە* ،کە لە دەڤەری هەورامان و مەریوان هەڵکەوتوە لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بوو . باوکی کاک ئەحمەد ناوی عیزەت بەگ و دایکی ناوی خاتون ئامینەی فەتحولاهی بوو . خوێندنی سەرەتایی بە سەرکەوتوویی هەر لە ئاوایی ئاڵمانە تەواو کرد . پاشان باوک و دایکی، هەموو پێداویستیەکانی ژیانیان لە شاری مەریوان دەستەبەر کرد تا کاک ئەحمەد لەو شارە درێژە بە خوێندن بدات . لەو قۆناغەدا ، کاک ئەحمەد ئاڵمانەی بە جێ هێشت و بەمەبەستی درێژەدان بە خویندن بەرەو شاری مەریوان ڕۆیشت . و تەقریبەن دەورانی غەریبی و دووری لە بنەماڵە و مێهر و عاتیفەی دایک و باوک دەستی پێکرد . ئەگەرچی دایک و باوکم چەند کوڕی تریان هەبوو ، بەڵام جێگا و پێگەی کاک ئەحمەد لە ناو بنەماڵەکەمان تایبەتی تر و بە ڕێزتر بوو .

## خوێندنی دەوران دەبیرستان:

ئەگەرچی مەریوان لە گوندی ئاڵمانەوە دوور نە بوو ، بەڵام هەر تان و پۆی غەریبی و هەل و مەرجی دشواری کۆمەڵایەتی هەست دەکرا و، کاک ئەحمەدیش لەو دیاردەیە بێ بەش نە بوو . ژیانی خوێندکار کە دوور لە ئامێزی پڕ لە خۆشەویستی بنەماڵە بێت ، لە سەر ڕەوتی ژیان و خوێندنی ئەو قۆناغەی واتە دەبیرستان کاردانەوەی دەنێت . کاک ئەحمەد لە پاڵ سەعی و خوێندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ژیان ، دەورانی دەبیرەستانی بە دەرجەی بەرز و سەرکەوتوانە لە شاری مەریوان تەواو کرد . لە ناو هاپۆلەکانی قوتابیەکی بەدڵەوە نزیک و خاوەنی هیمەتی بەرز و خۆبەخش بوو . دوای دەورانی دەبیرەستان ، کاک ئەحمەد خۆی بۆ تاقی کردنەوەی دەورەی ماموستایی ئامادە کرد و هەر لەو پێڤاژەیەدا ، لە دانشسەرای پەروەردە ی" ماموستایی" لە شاری سەقز وەر گیرا .

## ئیدامەی خوێندن لە شاری سەقز !

کاک ئەحمەد ، ئیشی ماموستایی وەک سەنگەرێک کە ئارەزووە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دەستەبەر دەکردو، لە گەڵ بیر و باوڕی دەگونجا و هاوڕەوت بوو ، هەڵبژارد. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بەرەو دانشسەرای پەروەردە کردنی " موعەلیم" لە شاری سەقز ڕۆیشت ودرێژەی بە خوێندن دا . لە سەقز ئەوپەڕی چالاکی و زەحمەتی بۆ وەر گرتنی شەهادەی موعەلیمی لە خۆی نیشان دا و دەورەی دانشسەرای بە سەرکەوتوویی و دەرجەی باڵا تەواو کرد . کاک ئەحمەد لە لایەن هیئەتی بەرپرسانی دانشسەراوە بڕوانامە و شەهادەی ماموستایی وەر گرت .

لە سەقز و بەتایبەت لە دانشسەرای پەروەردەکردنی ماموستا، لە گەڵ بیری پێشکەوتوو و مەساییلی سیاسی ئاشنا بوو . باس و دیالۆگ و گوڕێنەوەی بیر و باوەر لە گوروپە چکۆ لەکانی شاری سەقز و ئەو سەردەمە باو بوو . کاک ئەحمەد پێشوازی بێ وینەی لەو کۆڕ و کۆمەڵانەدا کرد. فرە حەزی لە خوێندنەوەی کتێبە چاکەکانی سەردەم دەکرد و لەو پێناوەدا ، کتێبەکانی سەمەدی بیهڕەنگی و عەلی ئەشرەفی دەرویشیان وتەرجومەی کتێبە ناسک و شاکارەکانی بەڕێزان : محمدی قازی و ئیبراهیمی یونسی خوێندەوە . ئەو کتێبانە لە سەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاک ئەحمەد کاریگەری حاشاهەڵنەگری هەبوو . و ڕاسپاردەکانی کتێبە چاکەکانی

ئەو سەردەمە ، پاڵپێوەنەری کاک ئەحمەد بوون ، تا لە ژیانی ڕەنجبەران و هەژاران ، نزیکتر بێتەوە . لەو بوارەدا هەڵویستی خۆی بە زووترین کات دەر بڕی .

## وەک موعەلیمێکی تێگەیشتوو لە دەڤەری مەریوان !

کاک ئەحمەد پاش وەر گرتنی بڕوانامە و شەهادەی مەعەلیمی لە دانشسەرای موعەلیمی لە شاری سەقز لە سەر خواست و ئارەزووی خۆی بەرەو دەڤەری مریوان گەڕایەوە . ماوەیەک لە گوندی ئاڵمانە وانەی بە منداڵان گوتەوە و پاشان لە ئاوایی "دەری" دەستی بە چالاکی و ئیشی ماموستایی کرد . لە کەمترین کاتدا، ئوتوریتە و کاراکتیری خۆی لە ناو ڕەنجبەرانی ئاوایی دەری نیشان دا و بوو بەیەکێک لە ماموستا خۆشەویستەکانی ناوچەی مەریوان و هەورامان . لەگەڵ قوتابیان وەک برا و ماموستا و زۆر دڵسۆزانە هەلس و کەوتی دەکرد . ڕێزو خۆشەویستی کاک ئەحمەد تا ئەو ئاستە بەرز بوەوە کە کەنیشکەکانی ئەو سەردەم و دایکانی ئەمڕۆی ئاوایی دەری بە "ئەحمەدی برا " ناوی دەبەن . بەگشتی کچان و ژنانی دەڤەرەکە ، بڕوا و متمانەی تایبەتیان بە کاک ئەحمەد هەبوو . هاوڕێکانی کاک ئەحمەد بە زۆری،گەنجانی هەژاری دێهات بوون . کاک ئەحمەد گەنجێکی باڵا بەرز، خەت خۆش ، جوان چاک، ئاشتی خواز ودەنگ خۆش بوو . دڵێکی بە قەد گەورەیی زەریا هەبوو . هەندی جار لە کوڕ و کومەڵ و زەماوەند و شاییەکاندا گورانی و سترانی فولکلوری دەگوت . کاک ئەحمەد خولیای جوانی شاخ و کوێستانەکانی دەڤەرەکە بوو و جار و بار وەک گەشتیاری کوێستانەکان، لە گەڵ هەڤاڵەکانی کەژوانی و شاخەوانی دەکرد . دوو جار لە گەڵ گەنجانی بنەماڵە، بۆ ماوەی سێ شەو وسێ ڕۆژ لە داوێنی کوێستانەکانی پیازە، کوڕەی میانە ، قەلەبەرد ، چاڵاو و سەر چۆڕ کەژوانی و شاخەوانی کرد . پەیوەندی پتەو و شێلگیرانە و سەمیمانەی لە گەڵ دانیشتوانی گوندەکانی دەری ، نشکاش ، هەجمنە، ئاڵمانە ،چۆڕ ، نەنە ، مرگ ،شێخە کوێرە،شارانی و هەڵوژان و شارۆمەندانی شاری مەریوان هەبوو . کاری سەمیمی و هەڵسوڕانی سیاسی کاک ئەحمەد شێوازی نهێنی و نێوە ئاشکرای هەبوو . کاریگەری بیر و بۆچونەکانی کاک ئەحمەد لە ناو جەماوەردا، بوو بە هۆی ئەوە کەلە ساڵەکانی دواییدا، ژمارەیەک لە گەنجانی کچ و کوڕ بوون بە پێشمەرگە و لێبڕاوانە خۆیان لە خەباتی بزووتنەوەی ئاشتی خوازانە و شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد بینێەوە . پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاک ئەحمەد و ئوتوریتەی بەرزی ، دیار بوو و هەر گیز حاشا ناکرێت . چەند ساڵ

زەحمەتکێشانی  گونەکانی ئاڵمانە و دەری ، لە بواری دروینەی گەنم و جۆ، سوتەمەنی و هێنانی داری  جەنگەڵ لە دارستانەکان،کۆ کردنەوەی دەغل و دان . دروینەی شەوەرگ . هێنان و گواستنەوەی دەغل و دان و داهاتی کشت و کاڵ بۆ ناو ئەنبارەکان ، یارمەتی ماڵی باوکی کاک ئەحمەدیان دەدا .

## هەڵویستێکی شۆڕشگیڕانە و مێژوویی !

پاییزی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی وەرچەرخانێکی سیاسی و بیرمەندانە ، لە فیکر و هزری کاک ئەحمەد پێش هات . دەسەڵاتی سامناک و ڕەشی  ساواک و ژاندامری و ئەرتەش و ئورگانە جاسوسیەکانی ڕژیمی شا ،بە سەر ناوچەکە و بە تایبەت دەڤەری مەریوان داسەپێبوو .  هەر بۆیە بە هاو فیکری گیانبەخت کردوو  کاک ناسری مستەفا سوڵتانی بڕیاری نیهایی خۆیان دەگرن . لەو بوارەدا بڕیاردەدەن بۆ ئێدامەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ڕیزەکانی   ڕێکخراوەی یەکێتی نیشتمانی لە باشوری کوردستان  پەیوەس بن . کاک ناسر لەو قۆناغەدا توانیبووی پەیوەندی نهێنی لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی بگرێت . هاوکات لە وڵاتی ئێران و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، وردە وردە  ئێعتراز و ناڕەزایەتی لە سیستەمی شا و ساواک بەشێوەیەکی نهێنی و جار و باریش ئاشکرا دەستی پێکرد. ئەو بار و دۆخە لە سەر بڕیاری ئەوان کاردانەوەی پۆزیتیڤی دانا و لە بڕیارەکەیان پاشگەز بونەوە . هەر دووکیان بە ئەوپەڕی هێز و توانایانەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی پاشایەتی ،لە ڕێکخستنەکانی سەردەم هەڵدەسوڕان ولە خەبات و بەرخودانی ساڵەکانی١٣٥٦ و ١٣٥٧بەشداری چالاکانەیان دە بێت .

## دوای ڕاپەڕینی جەماوەر لە ئێران !

پاش ڕاپەڕین و بەلە بەر چاو گرتنی بارو دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کاک ئەحمەد لە بواری پێک هێنانی هێزی بەرگری و بنکەی ڕەنجبەرانی ئاوایی "دەری" هەڵسوڕاوانە بەشداری دەکات . دروست کردنی تۆڕێکی بەر بڵاوی کۆمەڵایەتی لەو دێهاتانە لە دەوری ڕیکخستنەکانی "کۆمەلە" لە چالاکیە بەرچاوەکانی کاک ئەحمەد بوو . کە پاش داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن سپای پاسدارانەوە ،ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە ، بڕ بڕەی پشتی خەبات و بەرخودانی جەماوەر و هێزی پیشمەرگە بوون .

## جێ هێشتنی شێوەی خەباتی نهێنی !

هەل و مەرجی ئەوکاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەر بڕیاری کاک ئەحمەد کاردانەوەی هەبوو و بۆیە کاک ئەحمەد خەبانی نێوەئاشکرا و نهێنی جێ هێست و بەرەو خەباتی ئاشکرا هەنگاوی نا . لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی چوە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە . و لە ژماریەک لە هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەتایبەت نیزامی کۆمەڵە بەشداری کرد . هەموو هاوڕێکانی کاک ئەحمەد لە سەر ئەو باسە ، شک و گومانیان نەبوو ، کە کاک ئەحمەد لە بواری کاری ڕیکخراوەیی و نهێنی خاوەنی ئەزمون و لێهاتوو و شارەزا بوو . لە م پێڤاژەیەدا ،بۆ کۆمەڵە هەڵسوڕانی کاک ئەحمەد لە بواری کاری سیاسی – تەشکیلاتی زۆر بە قازانج تر و فرە گرینگ تر و بە نرخ تر بوو . چونکوو کاک ئەحمەد خەسڵەت و کاراکتیرێکی هێمنانە و لە سەرە خۆی هەبوو و دەسەڵاتی قەناعەت پێ هێنانی ،لە ناو کۆمەڵانی ڕەنجبەرو زەحمەتکیشدا لە ئاستێکی باڵادا هەبوو .

### سەربەرزانە ژیا!

**خامە شەق وەردەن، دەم مەکەردەوە –**

**زار زار مەناڵۆ ، وە دەم دەردەوە !**

**( مەولەوی )**

کاک ئەحمەد لە درێژەی خەباتی بێ وچانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و نیزامی کۆمەڵە ، لە ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە خەباتێکی بەربڵاوی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی کاک فواد دژی هێزە داگیرکەرەکانی جمهوری سێدارەی ئیسلامی و لە گوندی هەجمنە ،کە لە سی ٣٠ کیلو میتری شاری مەریوان هەڵکەوتوە و لە پێناو ئازادی و ڕزگاری گەلی کورد سەربەرزانە گیانی بەخت کرد .

هەواڵی گیان بەخت کردنی کاک ئەحمەد بە خێرایی لە دەڤەرەکە دەنگی دایەوە و باوک و دایکم و خزمانی دوور و نزیک ، بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی بەرەو ئاوایی هەجمنە کە فرە لە نزیک ئاوایی ئاڵمانەوە هەڵکەتوە ڕێ کەوتن . ڕەنجبەرانی ناوچەکە و بە تایبەت خەڵکی بەئەمەگ و شەریفی هەجمنە، لەو کاتانە کە چاوی

ڕاست لە چاوی چەپ و قەڵەم لە کاغەز و هەنگاو لە ڕێگا دەترسا، مەراسمێکی پڕ شکۆ و ماتەمینیان لە جێگایەک بە ناوی "کەوشێەر " ی هەجمنە بۆ پێک هێنا و بەڕێوە برد . بە یارمەتی ڕەنجبەرانی ناوچە و خەڵکی بە ئەمەگی ئاڵمانە و هەجمنە و پێشمەرگەکانی گوردانی کاک فوئاد ، تەرمەکەی بۆ ئاوایی ئاڵمانە هێنرایەوە . پاش مەراسمی سوننەتی و کلاسیک ، و بەبەشداری بەشێک لە شارۆمەندانی مەریوان و دانیشتوانی ناوچەکە ، تەرمەکەی کاک ئەحمەد بۆ مەزاری گیانبەجت کردووانی " تاڵە سوار "گۆازرایەوە . و لە مەراسمێک کە شیاوی کاک ئەحمەد وپێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوو و ، بە ڕێز وئیحترامی فرەوان و قەدەردانیەوە بە خاک سپێردرا و لە ئاخرین ماڵی ژیانی ئۆقرە و ئارامی گرت.

یادی کاک ئەحمەد و هەموو ئاشقانی گیانبەخت کردووی ڕێگای ئازادی هەزاران جار بەخێر !

* روونکردنەوە و زانیاریەک سەبارەت بە ئاڵمانە :

ئاڵمانە گوندێکە لە دەڤەری هەورامان و مەریوان هەڵکەوتوە . لە ڕۆژهەلاتی ئەم گوندە کوێستانەکانیی قەلەبەر و چالاو سەر لە ئاسمان دەکوتن. خەڵکی ئاڵمانە لە بزووتنەوەی عەدالەتخوازانە و ئاشتی خوازانەی گەلی کورد بەشداری چالاکانەیان کردووە . تا ئیستا سەرجەم یازدە ١١ گیانبەخت کردوویان بە بزووتنەوەی گەلی کورد پێشکەش کردووە . گوندی ئاڵمانە و گۆڕستانی تاڵە سوار ، بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئەدەبیات و پەخشان و شیعری نووسەرانی دیموکرات و ئازادیخواز ، باس کراوە و ئیستا بەرهەمی ئەندێشە و هزری ئازادیخوازان لە ئارشیوی بزووتنەوەی ڕادیکاڵی گەلی کورد تۆمار کراون. دەنگی ئازادیخوازان و گیانبەخت کردووانی ئاڵمانە تەنانەت ، لە قووڵایی گۆڕە تاریکەکانی گۆڕستانی تاڵەسوارەوە ، بە گوێ جیهان گەیشتوە . ناوی گیانبەخت کردووانی گوندی ئاڵمانە بریتین لە :

١ فایق عەزیزی، ئەندامی شورای شاری مەریوان.

٢ ئەحمەد مستەفا سوڵتانی ماموستا.

٣ مەحەمەد نەسرۆلاهی ناسراو بە حەمە ئەڵمانەیی.

٤ ناسر مستەفا سوڵتانی مامۆستای بەشی میکانیک.

٥ جەماڵ ئەسدی خوێندکار ناسراوە بە جەماڵ ئەڵمانە.

٦ کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی موهەندسی کاربا.

٧ حوسەین مستەفا سوڵتانی مامۆستای ماتماتیک.

٨ ئەمین مستەفا سوڵتانی مامۆستا.

٩ ماجید مستەفا سوڵتانی خوێندکاری پزشکی.

١٩ ئەمجەد مستەفا سوڵتانی خوێندکاری کاربا.

١١. حەمەی ئەمینی کە لە دەڤەری ئیلام وکرماشان و لە شەڕی بەرخودان ، گیانی بەخت کرد و دوژمن تەرمەکەی بە بنەماڵەکەی تەحویل نەداوەتەوە .